The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# چاك ڕەخنە لە بێدەنگی ساندیکای ڕۆژنامەنووسان دەگرێت و داواکارە لە ڕۆژنامەنووسان ئابلوقەی ڕاگەیاندنی سەر قەندیل ڕەت بکەنەوە

**ڕۆژنامەنووسانی بە هەڵوێست**

**ڕەنجدەرانی بیر**

**هەمووما‌ن چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد دەسەڵاتی کوردی بایکۆتی هەموو پەیوەندییەکی ئابووری و فەرهەنگی وسیاسی لەگەڵ تورکیا بکات , بە هەموو توانایەکیەوە بچێتە پشت بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەباکوور , کەچی مخابن بەهاری هەڵوێستەکانیان کورت بوو ,هەڵوێستێکی تەواو پێچەوانەی پێویستیان گرتە بەر , ئابلووقەی ئابووری و ڕاگەیاندنیان خستە سەر قەندیل .**

**چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد , ساندیکای ڕۆژنامەنووسان و سەرجەم ئەو دەستانەی بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری درووست بوونە , هەوڵوێستی توندیان لە ئاست ئەم هەنگاوە دژ بە ئازادی و دیموکراتیکە بگرتایەتە بەر , پێویستی نەکردایە ئێمە ئەم بانگەوازەتان ئاراستە بکەین .**

**ئێمە داواکارین لە ئێوە , ئەو بایکۆتە بە فەرمی مەزانن , دەستە دەستە سەردانی ناوچەکانی گەریلا بکەن , ڕێپۆرتاجیان لەسەر ئامادە بکەن , هەواڵەکانیان بڵاو بکەنەوە, بکەونە سەنگەری دژ بە سەپاندنی ئابلوقە بەسەر دەڤەرەکانیان , ئەم هەنگاوە دژ بە ئازادی و کاری ڕۆژنامەگەرییە سەرکۆنە بکەن .**

**ناوەندی چاك**

2007-11-7

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

**تێبینی : هەر بەیان و بانگەوازێك ئەم ئادرەسانەی لەسەر نەبێت , بە ناوی چاکیشەوە دەربچێت فەرمی نییە, تکایە ئاگادارین .**